# هەڵبژاردنی تورکیا چاوشارکێی نەتەوەپەرستی و ئیسلامی وکورد

**حەسەن ئەحمەد مستەفا**



مەگەر بارودۆخێک دروست بێت، وەک ئەوەی ئێستا لەتورکیا هەیە، بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین دەوڵەت چیە؟ لەبەرامبەردا حکومەت چیە؟

لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا هێندە دەوڵەت و حکومەت و دین و کەلتور تێکەڵی یەکتر دەکەن کە بەزەحمەت لەیەکتر جیادەکرێنەوە.!

حکومەتی تورکیا بۆ چەندەمین جار گۆڕاوە، جار هەبوە ئەوپەڕی ڕاست لەگەڵ ئەوپەڕی چەپ و ئیسلامی پێکەوە حکومەتێکیان دروست کردووە، وەک حکومەتی یەڵماز، چیلەر، ئەربەکان، ئەجەوید و هتد...

جارناش بەکودەتا گرفت یەکلایی کراوەتەوە، ئەمجارە، پرس ، پرسی حکومەت نیە بەتەنها، خەریکە دەگاتە ئاستی دەسکاریکردنی دەوڵەت.

"کۆمار" وەک نوێنەری دەوڵەت چاوی لێ دەکرێت و بەمیراتیش دەبێ سەرەک کۆمار علمانی نەتەوەیی بێ، واتە نوێنەری مەبدەئەکانی مستەفا کەمال بێ.

گرفتەکە زیاتر لایەنی نەتەوەپەرستیە، کە بەتەواوی ئاوێتەی دەسەڵاتداریەتی کراوە، لەمەشیاندا جۆرێک لەراستی هەیە، چونکە دەسەڵاتی مۆدێرن نوێنەری ئاستی گەشەکردنی فکری و بازاڕ و زۆر بواری دیکەی نەتەوەکەیە.

ئەم دێڕەی خوارەوە راستەوخۆ لە ڕۆیتەرز وەرگیراوە

Türk Milliyetçiliği böyle aşılanıyormuş
3 nisan 2007

"واتە نەتەوەپەرستی لە تورکیا هەر لە منداڵیەوە دەست پێدەکات"، لەنێوەڕۆکەکەیدا هاتبوو، منداڵی تورکیا لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە، فێری نەتەوەچیەتی دەکرێت، منداڵان لە تورکیا هەر لە حەوتساڵیەوە دەخرێنە بەر وانەی نەتەوەپەرستی تا گەورە دەبن، ئەمەش ئاوێتەی سیستەم بوە، سیستەم ڕێگا نادات تورکیا گۆڕان بە خۆیەوە ببینێ.

سایتی hurhabar ی تورکی لە رۆژی 4/3 کردیە هەرا، زۆر پەست بوون بەکردنەوەی نشینگەیەکی هاوچەرخ لەهەولێر، کاتێک بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵسا بەکردنەوەی.

ئەم سایتەو کەناڵی دیکەی راگەیاندنیش بڵاویانکردەوە هەرا گوایە ئەم نیوستیە لەلایەن نەتەوەپەرستێکی "تورک" ەوە لە باکوری عێراق دروست کراوە.

باسکردن بوو لە ئۆرهان نوردهانی بەڵێندەری تورک کە ناوبراو نەتەوەپەرستێکی تورکە سەرۆکی پێشووی لقی "وان"ی حزبی MHP (پارتی نەتەوە پەرستی تورکە)، لەشاری هەولێر هەڵساوە بە قەولی سایتەکە بە دروستکردنی 16 ئاپارتمان لە "سیتیەک" دا، لە بەرامبەر ئەم هێرشانەدا ئورهان رایگەیان من هەر نەتەوەپەرستێکی تورکم، هیچ گۆڕانکاری بەسەر بیروباوەڕمدا نەهاتووە، هەروەها گوتی کاکە من نەتەوەپەرستم، بەڵام "پارە بێ دینە" زیاتر درێژەی دایێ و گوتی لەباکوری عێراق ئەمریکی، بەریتانی ، ئیسرائیلی و جۆرەها خەڵک و ئیستیخبارات هەن ، ئەی بۆچی ئێمە نەبین؟

گوتیشی نابێ کارەکەم بە خیانەت لەقەڵەم بدرێت ، چونکە ئەو پارانەی لەهەولێر دەستم دەکەوێت بۆ تورکیای دەنێرمەوە. Hurhabar 4–42007

هەر ئەو نەتەوەپەرستیە بوو بەهۆی کوژرانی سێ مەسیحی، کە ئەمەش کێشەیەکی گەورەی بۆ تورکیا دروست کرد، زۆربەی رۆژنامەکانی ئەوروپا بە مانشێتی گەورە ئەم کوشتارەیان ریسوا کرد لەوانەش ئەسۆشیەتید پرێس ، رۆژنامە ئیتالیەکان و رۆیتەرز و هتد...

یەکێتی ئەوروپاش لەکاردانەوەیەکی توندا مەحکومی ئەو رەفتارەی کرد و ئەوەی لە رۆژنامەکانی ئەوروپا ڕەنگی دابۆوە، ئاماژە بوو بۆ نەتەوەپەرستی تورکان .internethabar.com 19–4–2007

کاتێک لەشکرو پارتەکانی دیکەی نەتەوەپەرستی توندڕۆ دەزانن مەترسی لەسەر سیستەمی عەلمانی هەیە ئەوا بەچەندین شێوە تەدابیر دەستێنن

پارتی دایکی نیشتمان و پارتی رێگای راست بڕیاری یەکگرتنەوەیانداو بەناوی پارتی دیموکرات بەشداری هەڵبژاردنی تورکیا دەکەن.
Habar7

کاتێک دەرکەوت زۆربەی خەڵکی تورکیا دەنگ بە پارتی داد و گەشەپێدان دەدات، ئیدی حکومەتی شاردراوەو لەشکر کەوتنە خۆیان، پەنایان بردە بەر ئەم دام و دەزگا و دامەزراوانەی کە هەر کەمالیەت و علمانیەتی نەتەوەپەرستی توندڕۆ دروستی کردوون، لە رۆژی یەکەمی ئەم مانگە دادگای تورکیا هەڵسا بەدەرکردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆمار لە تورکیا، ئەم بڕیارە لێدانێک بوو بۆ ئەوانەی لە تورکیا دەیانەوێت تورکیا لە سیستەمی توندڕۆیی کەمالیزم رزگاربکەن، ئەوەی کە دووڕوویی نەتەوەپەرستی تورکیای پیشاندا ئەوەیە، کە چەندین جارە بەم یاسایەو بەم رێوشوێنە سەرۆک کۆمار بۆ تورکیا هەڵدەبژێردرێت، بەڵام ئەمجارە کورد گوتەنی "بانێکەو دووهەوا" لەڕاستیدا بڕیارەکەش بڕیارێکی سیاسی ڕووت بوو نەک بڕیارێکی یاسایی.

بەرئەنجامی ئەوەبوو پارتی نەتەوەپەرستی میانڕۆ، واتە پارتی داد و گەشەپێدان هەڵسا بە پێشنیاری ئەوەی کە پێویستە سەرۆک کۆمار راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، بۆ ئەوەش پێویست دەکات دەستوری تورکیا بگۆڕدرێت، کە ئەمەش بە کوفری ئاشکرا دادەنرێت لەلایەن نەتەوە پەرستە توندڕۆکانەوە.

لەکاتێکدا پارتی عەدالەت ئەم پێشنیارە دەکات لەوپەڕی بێزاری و هەروەها ناچارییە.

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و عەبدوڵا گول دەزانن دام و دەزگاکانی ناوتورکیا سەر بە توندڕۆکانن، و توندڕۆکانیش رێگە بە ئەوان نادەن ئەم پۆستە گرینگە وەربگرن، بۆیە لەوپەڕی ناچاری پێشنیار دەکەن سەرەک کۆمار لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت ، چونکە لەو باوەڕەدان کە ئەگەر هاتوو خەڵک هەڵیبژارد ئیتر ناتوانن رێگای لێ بگرن و ئەوکاتە ئەنجام هەرچی بێ دەهێتە پەسەند کردن.

نەتەوەپەرستەکان بەوپەڕی زانایی و مەبەست و ئەنقەست و خەڵکانی دیکەش بۆ خۆشکردنی ئاگرەکە دنەی بابەتەکە دەدەن.

مایکل رۆبین پسپۆری ئەمریکی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رایگەیاند ئەگەرهاتوو پاڵێوراوی پارتی عەدالەت ببێتە سەرۆک کۆمار (ئاماژەی بە عەبدوڵا گول)دا ، ئەوا بەزوویی کوردەکانی هەرێمی

کوردستان سەربەخۆیی خۆیان رادەگەیەنن.
رۆبین گووتی: هەردوولا PDK و PUK حەزدەکەن پارتی داد و گەشەپێدان لەم هەڵبژاردنە سەربکەوێت.
لەکۆتاییدا مایکل ئاماژەیەکی سەیر دەکات و دەڵێت ئەمریکا حەزدەکات ئەم سیستەمەی لە تورکیا پارتی گەشەپێدان دەیەوێت بەسەربکەوێت ، بۆ ئەوەی ئیدی ببێتە مۆدیلێک و لە میسر بەنسبەت (اخوان المسلمین) یان لە فەلەستین بۆ (حەماس)یش تاقی بکرێتەوە. حوریەت
بەڵام رۆژنامەی حوریەتیش لەبەرواری 18 ی مایس 2007 لەلاپەڕەی سەرەکی هەواڵێکی هێناوەتە خوارەوە کە ئەمە ناوەڕۆکەکەیەتی:
"جەنەڕالی تورکیا کە بەر لە چەند مانگێک سەردانی ئەمریکای کرد بە ئەمریکیەکانی راگەیاندبوو کە ئێمەی عەلمانی بەهیچ شێوەیەک رێگە نادەین پارتێکی ئیسلامی و رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیران یان هەر کەسێکی تری بەم چەشنە پۆستی سەرۆک کۆماری وەربگرن، تەئکیدی کردۆتەوە کە تورکیا رێگە بە سەرۆک کۆمارێکی بەم شێوەیە نادات.
لەبەرامبەر ئەم سەرکێشی و توندڕۆیی و هەڵپەیەی نەتەوەپەرستی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیران بەئاشکرا رایگەیاند و گووتی "ئێمە ئامادەین لە رێکەوتی 26-6 یان لە 1-7 هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام بدەین."
لەکۆتایی قسەکانیدا گووتی لە 2-5-2006 بەکارەکانماندا چووینەتەوە و ئەو بڕیارە لای ئێمە بەرجەستەیە. سانسورسوزگرێدراو بەهەمان بابەت تولای تورجو سەرۆکی دادگای دەستوری تورکیا رایگەیاند کە هەوڵێکی زۆر دەدەین بۆ ئەوەی بڕیار بدەین هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار پێش خوولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار بێت. ئاژانسی ئانادۆڵ ئەوەی کە هاتە سەر ئەم کاردانەوانەی تورکیا بابەتی خۆپیشاندانەکان بوو هەفتەیەک بوو لە ئەستەمبول خۆنیشاندان کرابوو، لە 30-4-2007 دیسان جارێکی دی خۆپیشاندانێکی یەک ملیۆن کەسی لە ئەستەمبوڵ کرایەوە کە تیایدا دژی پارتی عەدالەت و گەشەپێدان سلۆغان (دروشم) دەدران، لافیتەکان بە نوسراوی "ئێمە پشتگیری لە کۆمار و عەلمانیەت دەکەین پڕکرابوونەوە. ئینتەرنێت هەبەرسەرەڕای هەموو ئەوانە، چاودێرانی سیاسی و شارەزایانی بواری ئابوری لەو باوەڕەدان ئەگەر نەتەوەپەرستی توندڕۆ نەرمڕۆ وا بە توندی بەدژی یەکتربوەستنەوە ئەوا بۆرسەی تورکیا کە ڕێژەی 70% ی لەدەستی کۆمپانیای بیانیدایە رووبەڕووی گرفت دەبێتەوە، چونکە کۆمپانیا بیانیەکان لە کەشی ئاڵۆزدا کارناکەن ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بۆرسەی تورکیا "IMKB" دابەزێت و لەبەرامبەریدا دۆلار هێندەی تر گەشە بکات بەرئەنجامی ئەوە سەرەڕای گرژی سیاسی هی ئابوریشی دیتە سەر ، ئەوکاتە تورکیا و هەموو هاولاتیەکانی تووشی گرفتی ژیان دەبنەوە.
لێدوانەکەی عەبدوڵا گول سەرسامیەکی دروست کرد، رۆژێک بە توندی خۆی بە هۆڵی پەرلەمانی تورکیادا دەکات و دەڵێت خۆم دەکێشمەوە لە پاڵاوتنەکەم بۆ سەرۆک کۆمار.
رۆژێکی دی دەڵێت وەک کاندید خۆم بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری دەهێڵمەوە، رۆژی هەینی بوو کە گول رووی کردە پەیامنێرەکان و پێی گووتن کاندید کردنم بەلاوە نەناوە، خۆ پێشتر گول کشانەوەی خۆی راگەیاندبوو، رۆژی پێنجشەمە پەرلەمانەکەیان هەندێک هەموارکردنی دەستوریشی پەسەند کردو خستیە ناو رۆژەڤی خۆیەوە، بەڵام بۆ پەسەندکردنیان رەزامەندی احمد نەجدەت سەزەری سەرۆک کۆماری عەلمانی پێویستە بۆ ئەوەی کە بێتەوە بە یاسا و پەیرەوی لێ بکرێن .

پارتی داد و پەرەپێدانی دەسەڵاتدار پێشنیاری کۆمەڵێک چاکسازی لەیاسا دەستوریەکانی هەڵبژاردندا کردووە رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک وەزیر داوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی پێشی وەختی کردووە، و کە لە 22ی مانگی 7 دا ساز بکرێت، ئەمەش دوای شکست هێنانی پەرلەمان لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار 12-5-2007 voa news

ئاراستەی گرفتەکان بەرەو هەڵبژاردنی گشتی ملی رێگەیان گرتەبەر ، بۆیە ناوەندەکانی تورکیا هەڵساون بەئانجامدانی راپرسی جۆراو جۆر ، بەم شێوەیە پێشبینی ئەنجامەکان دەکەن:

**رۆژنامەی تەمپۆ:**

| | |
|---|---|
| حزبی عەدالەت و گەشەپێدان AKP | %41.3 |
| حزبی گەلی جمهوری CHP | %13.6 |
| حزبی دایکی نیشتمان و رێگای راست ANAP – DYP | %10.7 |
| حزبی گەلی نەتەوەپەرست MHP | %6.9 |
| حزبی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP | %3.6 |

**راپرسی هەبەر تورک:**

| | |
|---|---|
| حزبی عەدالەت و گەشەپێدان AKP | %29.4 |
| حزبی گەلی جمهوری CHP | %14.08 |
| حزبی دایکی نیشتمان و رێگای راست ANAP – DYP | %20.3 |
| حزبی گەلی نەتەوەپەرست MHP | %12.18 |
| حزبی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP | %2.6 |

**راپرسی کۆمپانیای ANKA کە لە ئەستەنبۆڵ ئەنجامی داوە:**

| | |
|---|---|
| حزبی عەدالەت و گەشەپێدان AKP | %44.3 |
| حزبی گەلی جمهوری CHP | %20.1 |
| حزبی دایکی نیشتمان و رێگای راست ANAP – DYP | %7.9 |
| حزبی گەلی نەتەوەپەرست MHP | %4.9 |
| حزبی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP | %4.1 |

**راپرسی کەمار:**

| | |
|---|---|
| حزبی عەدالەت و گەشەپێدان AKP | %36.9 |
| حزبی گەلی جمهوری CHP | %16.4 |
| حزبی دایکی نیشتمان و ڕێگای راست ANAP – DYP | %6.7 |
| حزبی گەلی نەتەوەپەرست MHP | %8 |
| حزبی کۆمەڵگای دیموکراتی DTP | %4.8 |

پێویستە ئەم ڕاستیە بە بیرخۆمان بهێنینەوە لە ساڵی 1999 راپرسیەکان وایان پیشان دەدا کە پارتی DSP ی بلێند ئەجەویدی شۆڤینی کە بە سەروشکترین تورکی دژ بەکورد دادەنرا لە تورکیا و حزب گەلی نەتەوەپەرست MHP لە 1% ی دەنگ بەدەست ناهێنن، بەڵام بەماوەیەکی کەم بەر لە هەڵبژاردنەکان چونکە ئەجەوید توانی عەبدوڵا ئۆجەلان دەستگیر بکات و ئەوەش بوو بەهۆی ورووژاندنەوەیەکی بەهێزی نەتەوەپەرستی بەم هۆیەش هەردووک حزب بوونە حزبی یەکەم و دووەم لە هەڵبژاردنەکاندا.

ئەمرۆش لە تورکیا ئەگەر ڕووداوی تازەو سەرسوڕهێنەر ڕووبدەن، دەبێتە هۆی ئەوەی لایەک سەربکەوێت و لایەکەی دیکە بشکێت.

بابەتی هەرێمی کوردستان و ریفراندۆمی کەرکوک و دۆزی کورد لەباکورو بوونی پەکەکە لەسەر سنوورەکان هەموویان بەکاردەهێنرێن، بەمەرەمی ئەوەی کە لایەنە توندڕۆکان خۆیانی پێ بەهێز بکەن.

هەندیک کەس و لایەنی دیکەش بەجۆرێکی تر لەم شتانە نزیک دەبن " محمد ئاغار سەرۆکی پارتی ڕێگای راست کە پێشتر رایگەیاندبوو سیاسەت لەدەشت بکرێت باشترە نەک لە چیا" مەبەستی ئەوە بوو ، پەکەکە بهێتە ناو شارەکان دەست لەشەڕو چەکداری بەربدات و خەباتی یاسایی بکات .

محمد ئاغار دووپاتی قسەکانی خۆی کردەوە ، گوتیشی ئەگەر بێتو لەهەڵبژاردن ببەمەوە و ببمە دەسەڵاتدار تەنها لەماوەی 6 مانگدا ئەو کێشەیە چارەسەر دەکەم. ئینتەرنێت هەبەر دەنیز بایکاڵیش بەجۆرێکی دی بابەتی کورد و هەرێمی کوردستانی خستە ناو پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکانەوە، سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری CHP گوتی: تاڵەبانی وبارزانی و قوبرسی ڕۆم حەز دەکەن پارتی داد و گەشەپێدان AKP لەهەڵبژاردنی گشتیدا سەربکەوێت.

ناوبراو بانگەوازی خەڵکی تورکیای کردو گوتی ئەوانە حەز دەکەن AKP سەربکەون ، ئێوە حەز دەکەن کێ سەربکەوێت؟ بۆ ئێمە گرینگ ئەوەیە ئێوە حەز بەسەرکەوتنی کێ دەکەن؟

ئەم پرسیارە ئلە هەڵبژاردنی گشتی دێتە بەردەم خەڵکی تورکیا .

تاڵەبانی و بارزانی باش دەزانن کە ئەو پرسیارە مانای چیە، پێویستە خەڵکی تورکیاش لەمانای ئەو پرسیارە تێ بگەن.

ئەتیک هەبەر

## رۆڵی کوردی باکورو ئەم ڕێکخستنەی کە بە DTP ناسراوە چیە؟

لەم ماوەیەدا لە پەرلەمانی تورکیا هەندێک گۆڕانکاری لەیاسای هەڵبژاردنەکان دا کران بەمەبەستی پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەیان بۆ لای سەرۆک کۆمار نێردراون، گۆڕانکاریەکانیش لە یاساکاندا دژ بە کورد و پارتە کوردیەکانن.

هەوڵێکی جدی لە ئارادایە کە پارتە کوردیەکەی ئەویش DTP دەنگ نەهێنێ، لە هەڵبژاردنی گشتی تورکیادا نزیکەی 10 ساڵە مەرجێکی سەرەکی هەیە، کە پێویستە هەر پارتێک 10% ی دەنگ بەدەست بێنێ جا دەسەڵاتی ئەوەی دەبێ بچێتە پەرلەمان، واتە ئەگەر 10 ملیۆن کەس دەنگ بدات دەبێ "پارتەکە" یەک ملیۆن دەنگ بەدەست بهێنێ ، خۆ ئەگەر لە ملیۆنێک دەنگ کەمتری هێنا ئەوا دەنگەکانی دابەشی سەر دەنگی ئەم پارتانە دەبن کە لە ملیۆن زیاتریان بەدەست هێناوە.

دەسەڵاتدارانی تورکیا لە نمونەی کەنعان ئەوران و زۆری تریان بە ئاشکرا دەڵێن، ئەوەمان بۆ بەرگرتن لە دەسەڵاتی کوردەکان داناوەو، هاواری سەرکردە کوردەکانیش تا ئێستا هەر بێ کاریگەر ماوەتەوە.

لەهەڵبژاردنی پێشووی تورکیادا پارتی DTP بەناوێکی دیکە کاری دەکرد کە ناوی DEP بوو، لە شارەکانی تورکیا توانیبووی 8%ی دەنگەکان لە دیاربەکر و باتمان و هەکاری و زۆر شوێنی دیکە بەدەست بێنێ، بەڵام لەبەرئەوەی نەیانتوانی لە 1% ی دەنگەکان مسۆگەر بکەن سەرنەکەوتن و نەچوونە ناو پەرلەمان.

لە ئێستادا لەبەرامبەری ئەم سیاسەتە نادیموکراسیە و چاوشارکێی دەسەڵات و لەبەرامبەر ئەم "تەڵە"یەی تورک بۆ کوردی دەنێتەوە DTP ی کوردی بڕیاری دا وەک حزب نا، بەڵکو وەکو "کەس" پاڵێوراوەکانی دوور لەناوی حزبەکەیان و بەڵکو بەشێوەی سەربەخۆ خۆیان کاندید بکەن.

لەبەرامبەر ئەم ستراتیژیە نوێیەی کوردەکان بوو، کە پەرلەمان گۆڕانی لە دەستور کرد و بۆ سەرۆک کۆماری بڵند کردوە تا ڕەزامەندی لەسەربدات.

گۆڕانکاریەکەی پەرلەمان کە بەڕیفۆرم لە یاسای هەڵبژاردن ناودەبرێت کارێکی زۆر قێزەوەنە، مرۆڤ شەرم دەکات هەر لە ئاستی ئەمڕۆی دیموکراسیدا باسی بکات، چۆن دەسەڵاتدارنی تورکیا چاوشارکێ لەگەڵ کوردی باکور دەکەن.

توندڕۆکان بڕیاریاندا لەبەرامبەر هەڵوێستی کوردەکان کە دەیانەوێت سەربەخۆ دابەزن کارێک بکەن ئەویش ڕەتکردنەوەی پسولەی کەسی سەربەخۆیە، ساڵان و تاکو ئەم هەڵبژاردنەش ئەگەر هەرکەسێک داوای کرد با خۆی بەسەربەخۆیی هەڵبژێرێت پسولەی سەربەخۆیان پێی دەدا.

بەڵام ریفۆرمەکەی ئەمجارەی پەرلەمانە نادیموکراتیەکەیان کە هەر ئەوەندە ماوە سەرۆک کۆمار ئیمزای بکات، ئەم پسولە سەربەخۆیانە ڕەت دەکاتەوە، لەبەرامبەردا پسولەیەکی گشتی دادەبەزێنن، کە تیایدا گەرەلاوژەو بێ سەروبەریەک دروست دەکەن کەس سەری خۆی لێ دەرناکات .. ئەو کاتە لەپسولەی گشتیدا لەبەرامبەر چەند ناوێکی کوردەکان، پارتە تورکەکان بەدەیان ناوی خۆیان دیاری دەکەن بۆ ئەوەی کوردەکان کە ڕێژەی نەخوێندەواریان زۆرە بە زەحمەت بتوانن کاندیدی خۆیان بدۆزنەوە ئەوسا دەسەڵاتدارانی تورکیا باشتر دەتوانن تەزویرانی تیادا

بکەن.

لەبەرامبەر ئەو سیاسەتە دزێو و ئاست نزمەشدا پارتی DTP ی کوردەکان بریارێکی سەیری داوە، رایانگەیاند کە ئەگەر تورکیا بە دژی کورد ئەم برِیارە پەسەند بکات، ئێمە وەک کورد بۆ هەرشارێک 10.000 کەس کاندید دەکەین بۆ ئەوەی لیستی ناوی کاندیدەکان بەدەیان مەتر درێژ بێ و هیچ ئاپارتومانێک نەبێ کە بتوانێ بالآی هێندەی بالای لیستەکە بێت کە ئەوکاتە هەڵبژاردنەکەتان دەبێتە گاڵتەجارِی.